# بێگومان ئێمە گێرە شێوێن و موخەربین*
# چونکە بەباڵای کاکە و مامەدا نانووسین

ڕەخنەی ڕوخێنەر
ئاسۆ بیارەیی
2007-4-13 سوێد
assobyari@yahoo.com

ڕژێمە داگیرکەرەکەی سەددامی عروبە، ئەو کەسانەی کە بەپێی خواستی فەلسەفی بەعس ڕەفتاریان نەکرادیە و بەرهەڵست بوونایە، پێی دەووتن موخەریب، واتە تێکدەر. بەکارهێنانی زمانی زبر و لە دایک بوونی جنێو، پێش ئەوەی کەسانی ئاسایی و نووسەران بەکاری بەرن، لە فەرهەنگی نووسیندا جێگە بگرێت، میدیای ئەو دوو دەسەڵاتە دایان هێنا و گەرایان لە شەقامی کوردیدا بۆ ڕشت. بۆ نموونە ساڵی 1984 کە ینک خەریکی ووتووێژ بوو لە گەڵ ڕژێمی بەعس و لوتکەی شەڕی براکوژی بوو، جارێک ئێستگەی پارتی(دەنگی کوردستانی عێراق) ئاوا هێزەکانی ینکی ڕیسوا دەکرد: هۆ ماشە ماشە، دیسان مامە جاشە، ئەو کەسانەی لەو ساڵانەشدا پێشمەرگەی پارتی بوون، چاک ئەو جنێوانەیان لە یادە، کە لەو ڕادیۆیەوە بە ینک دەوتران. هەمان شت میدیای ینکیش ووزەی خۆی تەرخان کردبوو بۆ جنێودان، تەنانەت دیواری شەقامەکانی سلێمانی شایەتی ئەوەن کە لەسەریان نووسرابوو، گسک و حسک، یان بە پارتی، پێڵاوی دایکی کەمال، یان بە حشع حەمەشێتی عەربانچی..

ئەوانەی سەرەوە دڵوپێکن لەو جنیوە زبرانەی کە دەسەڵاتی ئێستای کوردی، نەوەکانی کوردی پێ پەروەردە کردووە، ئەمڕۆش هەمان دەسەڵات، بە خەڵکانێک دەڵێت زمان زبر و گێرەشێوێن..هەرچەندە ئەو بۆچوونە جێگەی گومان و پرسیارە، چونکە خۆیان مامۆستابوون لە داهێنانی جنێودان و پوکاندنەوەی ناسنامەی کوردی بە جنێودان، کەواتە خۆیان بەرپرسیاری یەکەمن و دەبێت چاککردن لە خۆیانە دەست پێبکات.

منیش دەڵێم: نووسین بەهای خۆی هەیە و پیرۆزە*، بەڵام کە دەسەڵات خۆی گوێ بە بەهای نووسین و زانست نادا، ڕێزی سنوور و ناسنامەی نەتەوایەتی ناگرێت، گیانی پارتایەتی و بنەماڵەیی سەپاندووە بە سەر دۆزی نەتەوایەتیدا، هاووڵاتێکی سادە چۆن بەهای خۆی وەکو کوردێک دەزانێت. کە زۆربەی پەرلەمانتارانی باشوور، نەک نازانن بە کوردێکی ڕەوان قسەبکەن، بەڵکو زۆر جار زمانی هەڕەشە بەکاردێنن و ڕەفتاری شاخ دەنوێنن، بێگومان کەسانی خوارەوەی دەسەلاتی ئەوان، هەمان مێنتالتێت و کەسایەتیان دەبێت.

ڕاستە ئەوانەی کە ڕەخنە دەگرن گێرەشێوین و دێوانەی هەندەرانن و کوردستانیان بە جێهێشتووە، ئەگەر بە تەرازووە ژەنگاویەکانی دەسەلات پێوانە بکرێن. بەڵام جیاوازی ئێمەی گێرەشێون و تێکدەر لەگەڵ نووسەرانی دەسەلات یان بن دەستی دەسەلات، کە بژێوی ژیانیان لە کۆڵی دەسەلاتەوە وەردەگرن ئەوەیە، کە ئێمە ئازادین ئەوان دیلن، کە ئێمە وابەستەنین و ئەوان گیرۆدەی دەسەلاتن. ئێمە لە ژینگەیەکی ئازاد داین و ئەوان لە کاریزمانی سەرکردە کلاسیکیەکانیان دەرناچن و ڕوحیان لێ زەوت کراوە، هوشیارییان لە باربراوە و لە دەرەوەی بیرکردنەوەی بەرنامەی بنەماڵە و پارتیەکەیاندا ناتوانن دەربچن.

هەرچەندە دەسەڵات ئێمەی بە گێرەشێوێن ناساندوە، لە بەر ئەوەی ئێمە لە دەرەوەی بیری تەسکی ئەودا کاردەکەین، کڕنووشی بۆ نابەین، بەڵام دەبوایە سوپاسی بکردینایە، چونکە ئێمەین ڕۆژانە کەموکوڕیەکانی دەخەینە ڕو تا بە خۆیدا بچێتەوە، نەک لەشکری گەندەڵان و ووتار فرۆشان، کە هەزارەها دۆلاریان بە خۆرایی لە سامانی نەتەوەی بۆ خەرج دەکرێت.

ئەوەتا دەسەڵات خۆی باش دەزانێت، ئاستی هوشیاری نەتەوایەتی و ڕۆشبیری لە کوردستان گەیشتووەتە کوێ. ڕۆژانە سەدەها نووسەری شۆڤێنی تورک، عەرەب و فارس هێرش دەکەنە سەر کورد، بەڵام نووسەرێکی پابەند بە دەسەڵاتەوە، وەڵامێکان بۆ نانوسێتەوە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵات داهێنانی لە بار بردوون و دەستەمۆی کردون. بۆیە سەیرنیە زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە لە هۆتێل هەورامان، نەک هەورەمان کە بە هەڵە لە هەفتەنامەی گولانی ژمارە 629 هاتووە، لە خۆیان ڕانابینن بەرگری لە ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی بەرامبەر داگیرکەران بکەن و هەردەم قەڵەمەکانیان چاوەڕیی دەمی دەسەڵاتە. لەولاشەوە، ماڵپەڕ. تیڤی، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی ئەو پارتیانەی کوردستان نەماوە کە بە وێنەو ناوی سەرۆکەکان نەڕازیتەوە، کە سەددامی دیکتاتۆر ئاسا، کە دەبوو لە هەموو شوێنێک و مێشکێک ناو و ێنەی هەبێت، بوونی وێنەی سەرۆکەکانی ئێستە و ناوەکانیان کراوەتە بسمیلای سەر هەواڵەکان.

کەواتە سەیر نیە کە دەسەڵاتێک کە خۆی گەندەڵ بێت لە چاویلکەی خۆیەوە کەسانی ئازاد تاوانبار بکات، لێ کەسانی ئازاد بڕوایان بە پەرستنی تاکەکەس و ڕەنگ نیە، ئەوان خۆیان بە گیانلەبەریکی ئازاد دەزانن، هەربۆیەش لایان گران و ئەستەمە دروشمی بژی کاکە و مامە هەڵبگرن و ووتارەکانیان بە دروشمی ڕوحی ئەوان بڕازێننەوە.

---

سەرچاوە:

سەددام بە بەرهەڵستەکارەکانی خۆی دەووت مخرب، واتە تێکدەر
ووتارەکەی کاروان عەبدوڵا/سەرنووسەری گۆڤاری کاروان
http://www.gulan-media.com/h629/g46.pdf